# ئەحمەد شەوقی و چیرۆکەشیعر بۆ منداڵان.. ڕەزا شوان



لە کۆن و لە ئێستاشدا، وڵاتی میسر لە بواری ئەدەبیاتی منداڵانی عەرەبدا، پێشەنگی وڵاتانی عەرەبە. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (محەمەد عەلی پاشا:١٧٦٩ـ ١٨٦٩) ز، کە بە (عەزیزی میسر ) و بە ( دامەزرێنەری میسری نوێ ) ناودەبرێت. شایەنی باسیشە محەمەد عەلی پاشا کوردە و خەڵکی شاری ئامەد ( دیاربەکر ) ە . محەمەد عەلی پاشا لە ساڵی ( ١٨٠٥ بۆ ١٨٤٨) ز ، فەرمانڕەوای میسر بوو. سەردەمەکەی بە سەردەمی زێڕینی میسر ناودەبرێت. میسر لە هەموو بوارەکاندا پێشکەوت لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، چەند نووسەرێکی باش و بە توانای میسری هەڵکەوتن و کۆمەڵێک چیرۆک و شیعریان بۆ منداڵان نووسی. چەند چیرۆکێکیشیان لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزییەوە، وەریانگێڕان بۆ سەر زمانی عەرەبی. بێگومان ئەدەبی منداڵانی فەرەنسی و ئینگلیزی، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئەم نووسەرانە هەبوو. ناسراوترین نووسەرەکانیش: ڕوفاعە تەهتاوی، محەمەد عوسمان جەلال، محەمەدسەعید عوریان، محەمەد هەڕاوی، محەمەد عەتیە ئەلئەبراشی، عەلی فوکری، ئەحمەد شەوقی، کامیل گەیلانی، عەبدولتەواب یوسف،... چەند نووسەرێکی ناسراوی تر. زۆر بە کورتی باسی (ئەحمەد شەوقی) دەکەین:

(ئەحمەد عەلی ئەحمەد شەوقی: ١٨٦٨ ـ ١٩٣٢) ز. لە شاری ( قاهیرە)ی پایتەختی میسر لەدایکبووە. ئەحمەد شەوقی بە ڕەچەڵەک کوردە و باوکی خەڵکی شاری سلێمانیە لە باشووری کوردستان. دایکیشی تورکی شەرکەسیە. باوکی لە سوپاکەی محەمەد عەلی پاشادا بوو، کە چووە میسر نەگەڕایەوە و لەوێدا مایەوە. پاپیرەشی چەندین پۆستی باڵای لە حکوومەتی خدیوی دا هەبوو. کەسایەتییەکی ناسراوبوو. ئەحمەد شەوقی نکووڵی لە ڕەسەنایەتی خۆی ناکات، دان بەوەدا دەنێت کە کوردە باوانە. بەم دێرە شیعرەی کوردبوونی خۆی ئاشکرا دەکات و دەڵێت:

سمعت بأذني من أبي وهو قائل
من الكرد أصلي جئت في العرب ناشئا

واتاکەی بە کوردی:

## بـە گـوێـی خـۆم گـوێـــم لـە بـاوکـــم بـــوو کـە وتـی
## بەرەچەڵەک کوردم هاتم لەناو عەرەبدا پێگەیشتم

داپیـرەی ئـەحـمـەد شـەوقی، لە کۆشکی (خـدێـوی ئـیسماعیل) پلەیەکی بـاڵای هـەبـوو. بەو هۆیەوە زۆر دەوڵەمەنـد بـوو. ئەحمەد شەوقی منداڵیی لەگەڵ داپیرەیدا لە کۆشک بەسەربـرد. لەسەردەستی داپیـرەی پەروەردە بـوو.

ئەحمەد شەوقی لە تەمەنی (٤) ساڵیدا، فیری بنەمـاکانی نووسین و خوێنـدنەوە بوو. کە لە قوتابخانەی سەرەتایی بوو، لەبەر زیرەکی و بلیمەتی لە خەرجییەکانی قوتابخانە بەخشییان. لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا، ئامادەیی تەواوکرد. ئارەزووی لە خوێندنی مافەکان هەبوو. بەڵام لەبەر بچووکی تەمەنی، لە بەشی مافەکان لە زانکۆ وەرنەگیرا. هەر لەم تەمەنەدا، دەستی بە شیعر دانـان کەرد. مامۆستاکانی سەرسامی شیعرەکانی بـوون.

لەبـەر بچـووکی و بـلیـمـەتی (تۆفیق پاشـا خـدێـوی) لە سـاڵی (١٨٨٧) لەسەر ئەرکی حکـوومـەت، بـۆ خـوێنـدنی یاسـا، نـاردی بـۆ فـەرەنـسـا. بـە پـلـەی نـایـاب بڕوانـامەی بەکالوریـۆسی لە فەرەنسا بەدەستهێنـا. ئەو کاتەی کە خوێنـدکار بـوو لە (پاریـس) لە فەرەنسا، ئاشنای ئەدەبی فەرەنسی بوو. بە تایبەتیش سەرسامی چیرۆکەشیعرییەکانی نـووسـەری بەنـاوبـانـگی فـەرەنـسی (لافـۆنـتـیـن) بـوو، کـە منـداڵانی هـۆنیـونـەتـەوە. شـەوقی لە ساڵی (١٨٩١) گـەڕایەوە بـۆ مـیـسر. چەنـد پایـەکی رۆشـنبـیریی هـەبـوو.

شـیعـر و شـانـۆ هـەمـەچـەشـنـەکانی ئـەحـمـەد شـەوقی زور بـەرزن. لە هـەمـوو وڵاتـانی عـەرەبـدا ناوبانـگیان دەرکـرد. لە ساڵی (١٩٢٧) لە ئاهـەنگێکی مەزنـدا، بە بەشـداری شاعیرانێکی زۆری عـەرەب، هەمـوویـان هـاوڕابـوون کە نازانـاوی (أمير الشعراء) واتا (مـیری شاعـیران) بە ئـەحمەد شەوقی ببەخـشن. تا ئێستا ئەو نازنـاوە تایبەتە بە ئەحمەد شـەوقی یەوە.

چیرۆکەشیعرییەکانی ( لافـۆنتـیـن) بـۆ منـداڵان، کاریـگەریـان زۆریـان لەسـەر شەوقی هەبـوو. هەر لەسەر بیر و شێوازی چیرۆکەکانی لافـۆنتـین، ئەحمەد شەوقی، کۆمەڵێک چیرۆکەشیعر و سروود و گۆرانی، بە زمـانی عـەرەبی بۆ منداڵانی عـەرەب نووسیوە. ئەو چیرۆکەشیعر و گۆرانییانەی ئەحمەد شەوقی تا ئەمڕۆش بایەخـیان کاڵنەبوونەتەوە و منـداڵان و چـێـژ و خـۆشـییان لـێوەردەگـرن.

ئەحمەد شـەوقی نایشارێتەوە، لە پێشەکی دیـوانـەکەی (دیـوانی شەوقیات) دا، دەڵـێت: "لەسـەر شـێوازی لافـۆنـتـین، بـیـری خـۆمـم لـە نـووسـیـنی چـیـرۆکـەشـیـعـرەکـانـمـدا تاقیـکـردۆتـەوە. هـەرکە دوو یا سێ چیرۆکەشیعرم دەنـووسی، دەچووم بـۆ کۆمـەڵە منداڵێکی میسری دەیـانـمخـوێنـدەوە. یەکسەر لێیان تێدەگەیشتن و پێیان خـۆش بـوو. زۆربەیـان دەیـهێـنـانە پـێکەنـین. ئەمـەش مـژدەیەکی بـاش بـوو بـۆ مـن"

لـەو کاتەشەوە (ئەحمەد شـەوقی بە پێشەنـگی ئـەدەبی منـداڵانی عـەرەب) ناوبـراوە.
ئەحمەد شەوقی، چیرۆکە شیعرەکانی بۆ منداڵان بە زمانی ئاژەڵ و باڵندەوە نووسیون. لە هەندێکیشیاندا ڕۆڵی مـرۆڤیشیان تێدایە. ئەگەرچی فۆرمی چیرۆکەکانی لە شێوەی نوکتە و پێکەنـیندان. بەڵام لە ناوەڕۆک و مەبەستدا، ڕەخنـە و تانـە و توانـج و پـلارن. ئەحمەد شەوقی، لە دیوانەکەیدا، بەشێکی تایبەتی بۆ منـداڵان تەرخـان کـردووە ، بە ناوی (دیوانی منداڵان) کە زیاتر لە (٥٥) چیرۆکەشیعر و (٢٠) سروود و گۆرانیی بۆ منداڵان لەخۆگرتووە. ئەمانە ناوی هەنـدێ لە چیرۆکەشیعر و هۆنـراوەکانی شەوقین بۆ منـداڵان (ڕێـوی و کەڵەشێر، ڕاوکەر و چۆلەکە، عـەلەشیش، مـریشکی خۆماڵی، پشـیلەکەم، شێر و بـۆق، ڕێـویی ناو بەلـەمەکە، نیـشـتـمان، دایکـم ، نەنکـم، کەشتی وئاژەڵەکان، قـوتابخـانـە، بەزەیی بە ئاژەڵ، کـۆتـر، خۆشـەویستیی نیشـتـمان،... هتد).
ئەحمەد شەوقی، چیرۆکەشیعری (ڕێـوی و کەڵەشێر)ی لە لافۆنتین ەوە وەرگـرتـووە. بە دووری نـازانـم کە (لافـۆنـتـین) یش، ئـەم چیرۆکەشـیعرەی، لـە کورتـە چـیرۆکە ئەفسانەییەکانی (ئـێزۆپ)ی یـۆنـانـییـەوە وەریـگـرتـووبێـت.

شاعیر و بیرمەنـدی گەورەی کوردیشمان ( پیرەمـێرد ) ی نەمر، ئەم چیرۆکەشیعرەی وەرگـێڕاوە بۆ سەر زمـانی کوردی. بەڵام بە زمـانێکی کوردیی ئەوەنـدە ناسک و ئاسان و ڕەوان و بەچێژ و شـیریـن بۆ منـداڵانی کوردمانی هۆنیـوەتەوە. زۆر لە دەقـەکەکانی ئەحمەد شـەوقی و لافـۆنـتـین جوانـتر و شـیرینـتر و ئاسانـترە. مـن لە ساڵی (١٩٥٦) کە منـداڵ بـووم لە (قـوتـابخـانـەی سـەرەتـایی شـۆڕجـە) بـووم لە شاری کەرکوک، ئەم چیرۆکەشـیعرەم لە دەمی قـوتابییەکی کوردی لەخـۆم گەورەتر لەبەرم کرد، تا ئێستاش لەبیرم نەچـۆتەوە. ئەمەش دەقی چیرۆکەشیعرەکەی پیرەمێردە (ڕێـوی و کەڵەشێر)ە:

ڕۆژێ مـــام ڕێـــوی دەهـــات
دەم بـە ویـــرد و ســـەڵەوات

*   *   *

دوایـــی دەیـــوت بــە ئـــاواز
لەعنـەتی خـوا لـە فێـڵبـــاز

*   *   *

دنـیـــا هێنـــدەی پـێ نـــاوێ
هـــەژارێ بخـــــەیتـە داوێ

*   *   *

عومـــرێـکـە دێـــت و دەڕوا
وا چـــاکـە ڕوو بکـەیـنـە خــوا

*   *   *

ئـــاخ ڕۆژێ بـەیـــانـی زوو

گوێم لـە دەنـگی بانگ دەبـوو
* * *
خۆزگـــە بـۆ کـەڵـەشـــێری
بـەیـانـیـــان بـانـــگ بـدێـری
* * *
نـــاردی بـۆ لای کـەڵـەشـــێر
دانـــی بـۆ دەڕژێـنـــم تـــێر
* * *
ئـــەو بـــێ بـانـگـــم بـۆ بــــدا
مـن دەبـمـــە پـیـــاوی خـودا
* * *
کـەڵـەشـــێر بـە راســـپـێری
وتـــی بـــەم فـێـــڵە فـــێری
* * *
بـەڵام بــــاب و بـاپـــــیرمـان
ئـەوەی خستۆتـە بـــــیرمـان
* * *
رێـــوی بـە فـێـــڵ نـاوەســتـێ
مـەگـەر تـەڵـە پـێی بـەسـتێ

لەم چیرۆکەشیعرەدا، رێـوی هـێمایە بۆ مـرۆڤی فـێـڵباز و خەڵـەتێنەر، کە دەیەوێـت لە ژێر پەردەی ئاین و بە رواڵەت پیاوچک و بە زمان لووسی، کەسانی دڵپاک و خۆشبڕوا بخـەڵـەتـێنێ و تەفرەیـان بـدات. بـەڵام ئـەو کەسـانـە نـاسـراون و نـاوزڕاون، خـەڵـکی شارەزای فێڵ و پیلان و نیاز خراپییان بوونە، چیتر بڕوا بە قسەکانیان ناکەن و ناکەونە داویانەوە. پەیـامی ئـەم چیرۆکەشـیعرەش ئـەوەیـە: کـە مـنداڵان لە داهـاتـوودا، ئـەوە دەزانـن کە دنیـا، پـڕە لـە رێـوی فـێـڵـباز. واتـە لە کەسانی فـێـڵـبـاز و درۆزن و بەدکـار.

ئەحمەد شەوقی ، شاعیریکی نیشتمانی بوو، لەگەڵ ئینگلیزەکانـدا ناکـۆک دەبێت. لە کاتی جەنـگی جیهـانی یەکەمدا، لە ساڵی ( ١٩١٤ ) دا، لە میسر دووری دەخـەنەوە و دەینێرن بۆ شاری (بەرشـلـۆنە) ی (ئیسپانیا). بەڵام دووری زیـاتر هەست و سـۆزی نیشـتمان پەروەریی دەخروشـێنیت. تا لە ساڵی (١٩٢٠) دا، دەیگەڕێننەوە بۆ میسر.

ئەحمەد شەوقی مامۆستایانی خۆشدەویست. لە ستایشی و رێزی (مامۆستا) دا دەڵێت:

قـم لـلـمـعـــلـم وفـــه الـتـبـجـــيـلا
كـاد الـمـعـــلـم أن يـكـــون رســـولا

**واتـاکـەی بە کـوردی:**

## هـەسـتـە بۆ مـامـۆسـتا شـکـۆدارییـە
## وەختبـوو مـامـۆستا ببـێت بـە پـەیـامبەر

**کەڵەشاعـیر ئـەحمەد شەوقی، لـە (١٤/١٠ / ١٩٣٢) لە قـاهـیرەدا کـۆچی دوایی کرد.**
**وەکو رێـزلـێنانێک بۆ پایەبەرزی ئـەحمەد شەوقی، لـەسەر بڕیاری حکوومەتی ئیتاڵیا، لە ساڵی (١٩٦٢) دا، لە بەناوبانگـترین باخچەی رۆمـای پایتەختدا (فـیلابـۆرگـیزی) پەیکەرێکی شـیاوی ئـەحمـەد شـەوقـیان دانـاوە.**
**ماڵەکەشی لە قاهـیرەدا، کراوە بە مـۆزەخانە (مـۆزەخـانـەی ئـەحمەد شەوقی) کە زیاتر لە (٧٥٠ ) دەسنووس و رەشنووسی خۆی تێدایە. لەگەڵ هەموو کـتێبەکانی و وێـنە و تابلۆکانی. ئـەو خەڵات و مەدالیانـەی پێشکەشیان کـردووە. بـڕوانامە رێـزلـێنراوەکانی.**

## رەزا شـوان
## دوبـەی: ٢٠٢٤